مەسرور بارزانی وجینین پلاسخارت کەبوونەوە

ئەمڕۆ سێشەمە 4/2، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە جینین پلاسخارت، نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق کرد.

بابەتی سەرەکیی کەبوونەوەکە، گرنگیی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو. سەرۆکی حکومەت وەک دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی خۆی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ئاماژەی بۆ دا کە پێویستە هەڵبژاردن لە بارودۆخێکی ئاسایی و یاسایی و دوور لە پشێلکاریی دەستووری و دەستوردان و دیزاینی پێشوەختە ئەنجام بدرێت و ڕێز لە قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان و مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستانیش بگیرێت.

سەرۆکی حکومەت هەروەها جەختی لە گرنگیی ئەوەی کەمەگەی نەودەوڵەتی لە چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن کردەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پاک و بێگرد بەڕێوە بچێت.

هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر نەهێشتنی کێشە و گرفتەکانی بەردەم هەڵبژاردن و گەیشتنی لایەنەکان بە

چارسەر لە پەناو پاراستنی پرسی دیموکراسی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان.